لیوا قەیس محەمەداوی:تەواوی ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی دووشەممە تەواوبوون

سەرۆکی لیژنەی باڵای ئەمنی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ڕاگەیەندراوەکی سەبارەت بە ئامادەکارییەکان بۆ دەنگدانی گشتیی سبەینێ بڵاوکردەوە و دەڵێت، "تەواوی ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی دووشەممە تەواوبوون".

لیوا قەیس محەمەداوی، جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و سەرۆکی لیژنەی باڵای ئەمنی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "بە ئیرادەی ئەندامانی ئازای هێزە ئەمنییەکانمان و ئیرادەی بەرزی هاوڵاتیان یەکە ئەمنییەکانمان بە کاری قارەمانانە و نیشتمانپەروەرانەی خۆیان هەستان و پلانی پاراستنی ناوەندە تایبەتەکانی دەنگدانیان جێبەجێکرد بێبە ئەوەی هیچ سەرپێچییەک ڕووبدات کە بەڵووچوونی پێسەی هەڵبژاردن پێکبخات".

ئەوەشی خستەڕوو، "هەروەک چۆن دوێنێ هێزە ئەمنییەکان بە بەرپرسیارێتی نیشتمانی خۆیان هەستان، سبەینێش بەهەمان شێوە پلانە ئەمنی و تەکنیکییەکان بەردەوام بە پاراستنی ئەو دەنگدانە گشتییە کە سبەینێ ئەنجام دەدرێت."

سەرکی لیژنەی بانەی ئەمنی دەشت، "وەک لیژنەی بانەی ئەمنی پلانە ئەمنییەکانی خەمان بە جێگیرکردن و دابەشکردنی هێزەکان و پاراستنی وەک تەواوکردووە و بەتەواوی ئامادەین".